www.kurdistannet.org
17-11-2005 0:02 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەپولەی ڕۆح ... عەباس ساڵح عەبدوللا

ئەشێ ئەمشەو خامەی شیعرم
ئاوازێکی دیت بۆ بچڕێ
ئەشێ ئەم شەو
چاوانی من نابینابن
ئەشێ ئەم شەو
ئەزیزێکی دیم لێ بمرێ
ئەشێ ئەم شەو
دڵی پڕ حەسرەت و، وێڵم
کۆتایی بێت
بەڵام ئەوەی ناشێ و نابێ
لەم شەوەدا بەدیدارت گەیشتنە
بەڵام چی بکەم گەر دەموێرا
تەنها چارم خۆکوشتنە
من دەزانم
پەپولەی دڵە مەنگەکەت
هەر لای منە
من دەزانم
چۆلەکەی ڕۆحی شیرینت
بۆکوێ دەفڕێ
بەهێمنی خۆی دەهاوێتە ژوورەکەم
من دەزانم کەتۆش منت
چەند خۆش ئەوێ
بەڵام چبکەم هێندە دەڵێم
سەبەب کارمان
چاویان کوێربێ کۆستیان کەوێ
***